# ئامادەی لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە هاوسەرەکەت هەڵبژێری؟

ریپۆرتاژ: گوڵچین رەشید حەسەن

**دەرکەوتنی دیاردە تازەکان لە تەواوی کۆمەڵگا تەقلیدیەکاندا سەرەتا وەکو دیاردەیەکی نامۆ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و رەتدەکرێتەوە، یەکێک لەو دیاردانە مەسەلەی پرۆسەی هاوسەرگیریە بەهۆی ئینتەرنێت و لە ڕێگەی سایتەکانی یەکتر ناسین و هاوسەرگیری.**

**لە کوردستان چەند حاڵەتێکی هاوسەرگیری هەیە کە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە ئەنجام دراون بەڵام بە وردی ئامارێک لەبەر دەستدا نییە بۆ زانینی ژمارەکەی .**

**مەبەستی ئێمە لەم ریپۆرتاژەدا رەتکردنەوە یاخود قبوڵکردنی ئەم شێوازە هاوسەرگیرییە نییە، بەڵکو وەرگرتنی رای بەشێک لە تاکەکانی کۆمەڵگایە لە چین و توێژە جیاوازەکان کە زۆربەیان پرۆسەی هاوسەرگیری لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە رەتدەکەنەوە و بە سەرکەوتووی نازانن.**

**پرسیارەکان :-**

- رات چیە لە بارەی پرۆسەی هاوسەرگیری لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە ؟
- ئایا ئامادەیت لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام بدەیت؟
- چارەنووسی ئەم جۆرە هاوسەرگیریە چۆن دەبینی؟



**هێرش عمر عبداللە - دکتۆرا - ماتماتیک – یاریدەدەری راگر- کۆلیژی زانست**

نەخێر من ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە رەت دەکەمەوە و بە باشی نابینم لەبەر ئەوەی لەگەڵ باری ژیان و باری کۆمەڵایەتی ئێمەدا ناگونجێت.



**تاڤگە عبدالحمید محمد – فەرمانبەر لە بەشی فیزیا – کۆلیژی زانست – زانکۆی سەلاحەدین:**

بەرای من ئەم شێوازەی پرۆسەی هاوسەرگیریە بە باش نابینم.

نەخێر ئامادەنیم لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە هاوسەری ژیانم هەڵبژێرم.

چارەنوسێکی خراپ دەبینم بۆ ئەم خێزانە کە بەم شێوەیە زەواجیان کردووە.



**نازعبدالقادر خالد – فەرمانبەر لە کۆلیژی زانست – زانکۆی سەلاحەدین:**

بەرای من ئەم پرۆسەیە سەرکەوتوو نییە.

نەخێر ئامادەنیم بۆ ئەم جۆرە پرۆسەیە.

وەکو وتم سەرکەوتوو نییە چونکە ناشێ تەنیا لە ڕێگای قسەکردنەوەبێت بەڵکو دەبێت رووبەروو لەگەڵ یەک مامەڵە بکەن بۆ قسەکردن لە بارەی چارەنووسی ژیانیان.



**دیار عوسمان محمود – بەرپرسی راگەیاندنی کۆلیژی زانست – زانکۆی سەلاحەدین :**

من وەکو لاوێک بەش بە حاڵی خۆم بە سەرکەوتوی نازانم چونکە هەموو مرۆڤێک پێویستە بەر لەوەی کارێک بکات بیری لێبکاتەوە ئایا لە دوا رۆژ تا چ رادەیەک سەرکەوتوو دەبێت من پێم وانیە لە دوا رۆژ سەرکەوتوو بێت

نەخێر هەرگیز ئامادەنیم لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام بدەم چونکە ئەو کەسەی لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە هەڵیدەبژێرم نازانم ئەو مرۆڤە چ جۆرە هەڵوێستێکی هەیە و کەسایەتی ئەو مرۆڤە چییە و چۆنە من ناتوانم هەموو ڕۆژ خێزان پێک بێنم دەبێت ئەو کەسەی کە هەڵیدەبژێرم لە نزیکەوە بیبینم و بزانم خوورەوشتی ئەو مرۆڤە چۆنە تا لە داهاتوودا بەوپەڕی خۆشی و شادییەوە ژیان بەسەربەرم.
پێموایە چارەنوسی هەر کەسێک لەم ڕێگایە پرۆسەی هاوسەرگیری پێک دەهێنێت چارەنوسێکی خراپی دەبێت بۆچوونی من وایە ڕەنگە ئەمە بۆچوونی هەموو کەس نەبێت.



**بەختیار ئیبراهیم محمد – فەرمانبەر لە یەکەی ڕاگەیاندنی کۆلیژی زانست**
لە بارەی پرۆسەی هاوسەرگیری لە ڕێگەی ئینتەرنێت شتێکی باشە چونکە خۆت دەتوانیت بە دوای هاوسەری خۆت بگەڕێیت و هەڵبژێری گرنگ نیە لە هەر وڵاتێک بێت مەرج ئەوەیە لەگەڵ یەکدا بگونجێن و لە یەکتر گەیشتن لە نێوان ئەو دوو کەسەدا هەبێت.
بەڵێ من ئامادەم لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام بدەم لە کاتێک پەیوەندی لەگەڵ ئەو کچە دادەنێیت شێوەی ڕوخسار وئەو کەسە گونجاو بێت تا ماوەیەک ئینجا پەیوەندی پێوە دەبەستم کە دەبێتە هاوسەری خۆم
پێم وایە ئەم جۆرە هاوسەرگیریە شێوەیەکی گونجاوە لەنێو هەرێمی کوردستان چونکە وابزانم زۆرینەیماڵەکان ئینتەرنێتیان هەیە بەڵام بە شێوەیەکی ڕێک وپێک و ڕاستگۆیانە بێت لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا.

**لانە محمد – قوتابی – کۆلیژی زانست – زانکۆی سەلاحەدین :**
پرۆسەی هاوسەرگیری لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە دوورە لە دابو نەریتی کۆمەلایەتی بە تایبەت(کۆمەڵی کوردەواری)
نەخێر ئامادەنیم
ئەنجامەکەی جیابوونەوەیە ! چونکە بە تەواوی لەیەکتر نەگەیشتنە تەواو شارەزای یەکتر نەبووینەئەمە ڕای خۆمە.



**بەیار فایەق - بەرپرسی سەنتەری ئالا بۆ پەرەپێدان و ڕۆشنبیرکردنی هونەری قوتابیان:**
بەڕای من شتێکی ئاساییە یەکترناسین لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە چ نووسین و چات و یا بە قسە زۆرجار کامیراشی تێدەکەوێت باشیەکەی لەوەدایە یەکتر ناسینی دوو کەس کە لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر یا لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر و تێکەڵاوکردنی دوو کەلتور و یا دوو نەتەوەیە
بۆنا پێم شتێکی ئاساییە
دەگەڕێتەوە سەر ئەو کەسانەی پرۆژەکە ئەنجام دەدەن من زۆر حاڵەتم بینیوە و یا لە ئینتەرنێتەوە خوێندومەتەوە کە سانێک هەن بەم شێوازە پرۆسەی هاوسەرگیریان ئەنجام داوە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر هەتا جارێک دووکەس کە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە یەکتریان ناسیوە و دواتر بەیەک گەیشتوون و پرۆسەی هاوسەرگیریان ئەنجام داوە کە منالیان بووە ناویان ناوە( یاهوو) هەر لەبەر ئەوەی لە ڕێگەی ئینتەرنێت یەکتریان ناسیووە و بە ڕێگەی یاهو بەڵام زۆرجاریش شتی ترسناک ڕوودەدات وەکو ئەوەی کەمن لە ئینتەرنێت خوێندمەوە کە لە وڵاتی سعودیە کچێک و کوڕێک یەکتریان بە ناوی خوازراو ناسیوە و دوای گەیشتن بەوەی کە لەسەر هەموو شتێک ڕێک کەوتوون بۆ دروستکردنی ژیانی هاوسەری بەڵام کە هاتوون یەکتری ببینن بۆ ئەنجامدانی پرۆسەکە دەرچوووە کە خوشک وبران، دانانی ناوی خوازراو لە ناوچەی ڕۆژهەلاتدا زۆرە کە ئەمەش زۆرجار ڕووبەڕووی گرفتمان دەکاتەوە.

# تەوەر

هەر لەسەر ئەم بابەتە پرسیارێکی ترمان ئاراستەی بەڕێزیان کرد:
ئایا بەرای تۆ کچ تاچەند سەربەستە کە بتوانێت لە ڕێگەی ئینتەرنێت هاوسەری خۆی هەڵبژێری یا هاورێیەکی کوڕ هەڵبژێرێ و ئایا ئەو کچ و کوڕانەی ڕوو لەم سەنتەرە دەکەن تا چەند ئازادن؟
بەڕێزیان وتی: سەبارەت هاتنیان بۆ ئێرە لێرەدا سەربەستیەکی تەواویان هەیە و ئازادن و من حەزدەکەم شتەکانیان نهێنی و شاراوەبێت و تەنها تایبەت بە خۆیان بێت خۆرۆشنبیرکردن بێت یا خوێندن یا چات یا ڕاکێشانی بابەت بێت ئەوان سەربەستن هەرچەند من لە نزیکەوە شارەزای کەسایەتی ئەو کەسانە نیم کە دێنە ئێرە بەڵام من لەو باوەڕەدام زۆر دەگمەنن ئەو کچانەی بتوانن سەربەست بن لە هەڵبژاردنی هاوسەری ژیانیان بە تایبەتی لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە

**کاروان محمد علی – فەرمانبەر لە وەزارەتی گەیاندن:**



بێگومان پرۆسەی هاوسەرگیری لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە، یەکێکە لەو نەریتە تازانەی کە هەندێک کەس ئەنجامیان داوە ئەمەش ڕێگایەکی باشە بۆ ئەوەی هاوسەر دەست نیشان بکەیت چونکە لەم ڕێگایە دەتوانین بە تەواوی لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر قسە بکەیت و شارەزای بۆچوونەکان و هەڵسوکەوتەکانی بیت و هەموو شت لە بارەیەوە بزانیت ئینجا ئەگەر لەگەڵ یەک بگونجێن پرۆسەکە ئەنجام دەدەن بە پێچەوانەوەش هەر ڕاستە بێگومان ئەم ڕێگایە هۆکارێکە بۆ ئەوەی کەسانی نەتەوەی تر بناسیت و پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام بدەیت و هەروەها ئەم ڕێگایە ماندووبوونێکی کەمتری دەوێت بە بەراورد لەگەڵ ڕێگاکانی تر و ئازادیەکی فراوانی تێدایە.
سەبارەت بەخۆم ئامادەیەکی تەواوم هەیە لەم ڕێگەیەوە ئەم پرۆسەیە ئەنجام بدەم بە مەرجێک گەر گشت ئەو سیفەتانەی کە من دەمەوێت لە ڕەگەزی بەرامبەردا هەبێت.
گەر ئەم پرۆسەیە لەسەر مەبدەئی تێگەیشتن و خۆشەویستی ئەنجام درابێت بێگومان چارەنووسی هەمان ئەو چارەنووسەیە کە خێزانێکی بەختەوەر هەیانە

**هێدی حازم سەید ئەحمەد – فەرمانبەر – وەزارەتی پلان دانان**

ئەم جۆرە هاوسەرگیریە ٪99 ی سەرکەوتوو نابێت بە ڕای من.
من ئامادە نیم چونکە بیر و بۆچوونی من ڕەنگە جیاوازبێت لەگەڵ کەسێکی تر.
لە ڕێگەی ئینتەرنێت نا چونکە لێک تێگەیشتن زۆر ئەساسە و پێم وایە لەم ڕێگەیەوە لە یەکتر گەیشتن بە پێی پێویست نییە.

**دەرباز مغدید خالید – قوتابی – قۆناغی دووەم – پەیمانگای پزیشکی – بەشی تەندروستی و کۆمەڵ:**



من وەکو شەخسی خۆم بە شتێکی باشی نازانم چونکە لەوانەیە ئەو کەسەی لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە ئەو قسەیەت بۆ دەنووسێ قسەی ناخی نەبێ بۆیە بە بڕوای من شتێکی باش نیە یەکتر ناسین لە نزیکەوە باشترە چونکە بینینی شەخس لە ڕوخساری پیشان دەدات کە ئەو کەسەیە تا چەند پاک و ڕاستگۆیە ویا بە پێچەوانەوە.
من ئامادەنیم بەم شێوەیە پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام بدەم و بڕوا ناکەم ڕۆژێکیش بێت بێت بەم جۆرە ئەم پرۆسەیە ئەنجام بدەم
دەگەڕێتەوە سەر خودی شەخسەکە لەوانەیە سەرکەوتوو بێت لەوانەشە سەرکەوتوو نەبێت.

# گەیاندن



**ئاوات محمود محمد – قوتابی قۆناغی چوار – بەشی کیمیا – زانکۆی سەلاحەدین**

پرۆسەی هاوسەرگیری پرۆسەیەکی زۆر جوانە بە بیرو باوەڕی من ئەوەیە کە مرۆڤ خۆی تەواو بکات چونکە چ کوڕ چ کچ بە تەنیا تەواو نیە و ئێمە تەواوکەری یەکین و ئێمە ناتوانین لەگەڵ هەموو کەس ئەم پرۆسەیە ئەنجام بدەین بۆ هەڵبژاردنی هاوسەر دەبێت تێگەیشتنێکی تەواومان هەبێت شەرت نیە سەدا سەد بێت بەڵام دەبێت تێگەیشتنێکی جوانمان هەبێت بەرامبەر بە یەکتری تۆ ئەگەر بتەوێ تەنها پرۆژەکە پێک بێنی و لەگەڵ هەر کەسێک بێت ئەوە بە تەئکید هەرەس دێنێ و سەرکەوتوو نابێت تۆ کە هاوسەر هەڵدەبژێری دەبێ بەو تایبەتمەندیانە بێت کە تۆ دەتەوێت و دەبێت تێگەیشتنمان لەیەک نزیک بێت تا ژیانمان سەرکەوتوو بێت

نەخێر من ئامادەنیم ئەم پرۆژەیە بەم جۆرە ئەنجام بدەم بەڕای من لە ئینتەرنێت کەسەکان لە دووری یەکتر دەناسن یا دەبینن شتێکی دەستکردە راستگۆیی تیانییە و ژیان زۆر لەوە فراوانترە کە تۆ لەسەر ئینتەرنێت یا شاشەی تەلەفزیۆن روخسارێکی جوان ببینی و بیکەی بە هاوسەری خۆت ئەی ئێمە کردەوەکان چی لێبکەین ئایا کردەوەکان نابنە هۆی ئەوەی ئێمە هەست و سۆزی یەکتری هەڵسەنگێنین ئەی نابێت ئێمە بەرامبەر بەیەک هەست و سۆزمان دەرببڕین دەبێ ئێمە شارەزای رۆحی پاکی ئەو شەخسە بین و بگونجێین کە تۆ پرۆژەی هاوسەرگیریت ئەنجامدا دەچێتە قالبی عەمەلیەوە ئایا ئەو قسە جوانانەی کە لە ئینتەرنێت بۆتی دەنووسی ئامادەیە ژیانی رۆژانەت بەم جۆرە بۆ برازێنێتەوە و جوانی بکات یا هەر ئەوەندە کە بۆت بنوسێت خۆشم دەوێی و تەواو.

من لەگەڵ ئەوە نیم و پێم وایە ئەم هاوسەرگیریە چارەنوسێکی باشی نابێت چونکە تۆ ناتوانی ژیانی خۆت لەسەر شانس دروست بکەی ئاخۆ باش دەبێ یا باش نابێت.



**بەهار ئەنوەر – قوتابی قۆناغی پێنج – بەشی وێنەکێشان- پەیمانگای هونەرە جوانەکان :**

گومانی تێدانیە ئینتەرنێت ئامێرێکی باشە بۆ پێشکەوتنی گەلان و خۆرۆشنبیرکردن من زۆر گەنجم لە نزیکەوە بینیوە کە لە وڵاتیکەوە بۆ وڵاتێکی تر ئەم پرۆژەیان ئەنجام داوە من بە هەڵەی دادەنێم چونکە پرۆسەی هاوسەرگیری هەر ئەوەنیە، دەبێ ئێمە لە دونیایەکی زۆر فراوانەوە بیری لێبکەینەوە ئەمە دەریایەکە مەلەکردن زۆر زەحمەتە بۆ کەسێک نەتوانێ مەلەی تیادا بکات ناتوانێ وابە ئاسانی خۆی باوێتە نێو ئەم دەریایە پێش هەموو شتێک دەبێ لەو کەسە تێبگەی لەگەڵیابی بزانی تاچەند لەتۆ تێدەگات و لە مەعاناتی تۆ دەگات تا چەند هاوکارتە و یارمەتیدەرتە بۆ دروستکردنی ژیانێکی جوان و سەرکەوتنت لە ژیان.

نەخێر هیچ کاتێک ئامادەنیم بەم شێوازە پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام بدەم چ زۆرە گەنج لە وڵاتەکەم کە لێم تێبگات و لێی تێبگەم ئیدی ئامادەنیم ئەم کارە بکەم.

هەروەک وتم بەڕای من سەرکەوتوو نابێت و من لە لایەنی خۆمەوە ئەگەر بزانم کەسێک بیەوێت بەم جۆرە و ئەم شێوازە رێگایە بگرێتە بەر ئەوە یارمەتی دەدەم کە پەشیمان بێتەوە لەم کارەی چونکە بەڕاستی پرۆسەی هاوسەرگیری زۆر لەوە گەورەتر و قوڵترە کە ئێمە بەم شێوازە پێکی بێنین و لێرەدا دەمەوێ شتێک بڵێم سەبارەت بە گەنجەکانمان چونکە گەنجی ئێمە بەڕاستی سەقەتە چونکە هەمووی تەنها هەرلە بیری جوانی رەگەزی بەرامبەر و مادەن، من کچم بینیوە دەڵێ کورە جوان نیە من چۆن شوی پێدەکەم یا هیچی نیە چۆن شوی پێدەکەم نەخێر تۆ وەرە بزانە بەرامبەرەکەت تا چەند ئامادەیە ژیانێکی گونجاو و خۆشت بۆ دروست بکات و رێزت بگرێت و لێت تێبگات و سەرکەوتنت بۆ دروست بکات تۆ سەیرکە گەر تۆ بتەوێت بینایێک دروست بکەی بەڵام لە بناغەکەیدا بە سەقەتی دروست کراوە یا بلۆکێک لە بلۆکەکانی بە هەڵە لە شوێنێک بۆ شوێنێکی تر دانراوە یا بلۆکێکی کەمە چۆن هەرەس دێنێ؟! دەبێ تۆ بزانی چۆن چۆنی دروستی دەکەیت و بناغەی چۆن بۆ دادەمەزرێنیت و تاچەند قازانج لەتۆ

# تەوەر

دایە وتا چەند قازانج لە بەرامبەرەکەت، ژیان هەر تەنها قسەخۆشەکانی سەر ئینتەرنێت نیە شەرت وایە بەرامبەرەکەت بە کردەوە ژیانت بۆ دروست بکات و جوانی بکات و پڕ مانای جوان و پیرۆزی بکات.



**ئەندازیار شۆڕش – کۆمپانیای کۆرەک تیلیکۆم**

ئێمە وەک کورد یان وەک کۆمەڵگایەکی رۆژهەڵاتی ئەشێ بڵێین گرانە زۆرێک لە پێشکەوتنەکانی بواری تەکنەلۆژیا بە ئاسانی هەزم نەکەین ، دیارە ئەوەش تەنیا تاوانی ئێمە نیە بەڵکو کۆمەڵێک فاکتەری کۆمەڵایەتی، ئایینی، ئابوری، سیاسی .... تاد ، هۆکارن یان ئەتوانین بڵێین رێگرن ، ئەوەتا ئێمە تەنانەت لە بواری خزمەت گوزاریەکانی مۆبایلیش کێشەمان زۆر زۆرە ، هێشتا خەڵکانێک ماون کە بە شێوەیەکی تەندروست بەکاری ناهێنن، یان ناتوانن وەک خۆی قبووڵی بکەن.

بۆیە من وەک خۆم ئەم جۆرە هاوسەرگیریە بەباش نازانم لە کۆمەڵگایەکی وادا ، چونکە بە رای من ئەگەری رودانی کێشە زۆر زیاترە وەک لە باری ئاساییدا.



**هیوا عەدنان – قوتابی قۆناغی پێنج – شێوەکاری – پەیمانگای هونەرە جوانەکان:**

من وەکو خۆم زۆر باوەڕم پێ نیە.

نەخێر لەبەرئەوەی تۆ ناتوانی بە ماوەیەکی کەم شارەزای ئەو کەسە ببیت لە رێگەی ئینتەرنێتەوە تاکو پرۆسەی هاوسەرگیری لەگەڵ ئەنجام بدەی چونکە پرۆسەی هاوسەرگیری پرۆسەیەکی هەتا هەتایی و چارەنووسیە پێویستە زۆر بە عەقڵانەوە بیری لێ بکەیتەوە و ئەنجامی بدەیت زۆرجار شانس هەیە تۆ لە رێگەی ئینتەرنێتەوە شتی باشت بۆ دەربچێت و لەوانەشە وانەبێت بەڵام بە شێوەیەکی گشتی من باوەڕم پێ نیە.

لێرەدا شانس دەوری خۆی دەبینی لەوانەیە باش بێت و لەوانەشە باش نەبێت هیچ شتی تر نیە

**ئاراس شادان – قوتابی – قۆناغی سێیەم – پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر:**

بە راستی پێم شتێکی باش نیە لەوانەیە لە دواڕۆژ تووشی کێشە ببی بۆیە پێم باش نیە.

نەخێر ئامادەنیم

بە تەئکید سەرکەوتوو نابێ ئەگەر سەرکەوتووش بێت لەوانەیە لە ٣٥٪ بێت دیارە لە کەناڵەکانی راگەیاندن زۆرجار باس لە دەرەنجامی خراپی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە کراوە لە زۆر لە وڵاتانی جیهان تەنانەت بە وڵاتانی پێشکەوتووشەوە.



**رابەر – سویسرا**

من پێم وایە ئاکامێکی باشی دەبێت چونکە ئینتەرنێت دیواری شەرم لە نێوان هەردوو رەگەز دەرمینێت و بە راشکاوی قسە وگفتوگۆ لەگەڵ یەکتری دەکەن و من ئاسییە بەلامەوە و ئامادەم لە رێگەی ئینتەرنێت پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام بدەم بە مەرجێک یەکترناسینەکە کەمێک درێژە بکێشێت و لەیەک گەیشتنێکی تەواو هەبێت من بە سەرکەوتووی دادەنێم.



**ئیڤین : فەرمانبەر – بەڕێوەبەرایەتی گەیاندن**

شتێکی ئاسایی و باشە بەلامەوە .

ئەگەر قسمەت بێ بەڵێ.

ئەگەر خۆشەویستی راستەقینە دروست ببێت بێگومان سەرکەوتوو دەبێت.